کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-2-2007 22:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕۆژە ڕەشەکانی ئەنفال. . بەشی دووەم. . جەلال ڕەووف ئەمین

ئەوان خەوتن و ئێمە ڕێی مەسۆیمان گرتەبەر لە دورەوە ڕوناکی چرای ئاوایەکمان بینی دڵمان خۆشبو نزیک بوینەوە خاڵە کەریم پرسی تۆ لە کوردستاندا دێی درێژت دیوە؟ ئەمە ڕیزە چرایە کێ ئەڵی



سەربازگەی تازە نیە؟ ئاوێکی زۆر بە خوڕ لە بەینی ئێمە و چراکاندا بو دەنگی کەڵەشێرێک هات ووتم تەوواوە گوندە ئەو ووتی لەوانەیە کەڵەشێری زابتێک بێت بۆ ناچیتە ئەوبەرەوە ئەگەر ماعەسکەر بێت وا دونیا ڕوناکە ئەبێ تەسلیم بین من مەلەم نەئەزانی بۆیە پشتوێنەکانمان دایە دەم یەک بە کەمەرمەوە گرێمداو چومە ناو ئاوەکە گەیشتمە ناوەڕاست و هاوارم کرد خاڵە کەریم ڕامکێشەرەوە قوڕگم پڕ ببو لە ئاو، زۆری پێنەچو لە پشتەوەمان دەنگێک هات بینیمان 2 کەسن بێئاگا ڕووەو لامان دێن کە گەیشتن تفەنگمان ئاڕاستە کرد و وتمان کێن ئێوە؟ خۆیان ناساند کە بەرگری گوند نشینن و لە کێوی ئاژداخ لەگەڵ یەکێتیدا بەرامبەر دوژمن شکاون و ئەگڕێنەوە بۆ ئاوایەکەیان باشە ئەی ئێرە کوێیە؟ گوندی جامڕێزە! ئەی مەسۆی سەرچەم دورە! زۆرنا ئاوا بڕۆن! ئەبێ بێن لەگەڵماندا پێشمان بکەون و چەکەکانیشتان لە شان دامەگرن! بە زۆرە؟ بەڵێ، بەو جۆرە گەیشتینە مەسۆی هێزێکی زۆری لە 100 بەرەوژور گشت پارتی بوین بە نیازی ڕووە و ئێران چاوەڕوانی کاتی دەرچون بون من چومە مزگەوتەکەوە لە بێ خەویدا چاوم هەڵنەئەهات لە پرخەدا مولازم ئەحمەد بە ئاگای هێنامەوە! جەلال گیان تۆ گەرمیانیت هەرچۆنێک بێت برۆ عەلی کەمپوت و بەرزان عەرەب بدۆزەرەوە دوای مشتومڕێکی زۆر مولازمم لە کۆڵ بووە و خەوتمەوە لە خۆرئاوا بوندا هێز ڕێچکەی بەست بۆ پەڕینەوە لە جادەی چەمچەماڵ- کەکوک لەو کاتەداعەلی و بەرزانیش بە ڕاکەڕاک گەیشتنەوە لامان و مولازم ئەحمەدیش هێندەی لەو ئەسپە دا کە پێمانبو لە جوڵە کەوت و تۆپی کە پێم وابو لەبەر برسێتی باری پێ هەڵنەئەگیرا کاتێک لە نزیک جادە قیرەکە بوین کەرێکی ترمان پێبو کەوتە زەڕین و ڕەبیەکانی بەئاگاهێنا دەمیان گرت بەڵام هەوای پێشەوە بۆ دواوە گەڕایەوە و دەنگەکەی ئاسایی نەبو ناچار تا ماوەیەک مت بوین کە تەقە نەما بەش بەش لە جادەکە پەڕینەوە بەچپە باسی گڕی نەوتەکەی کەرکوکمان دەکرد کە لە نزیکەوە ئەمان بینی سرنج ڕاکێش بوو، لەوبەر جادە تا ڕادەیەک ئاوەدانی مابو بەڵام جێگاکانی خۆیانیان چۆڵ کردبو لە شوێنی نەبەدی و هەردەکاندا قایمکاریان کردبو، درەنگە شەوێکی تاریک هەموو گیانمان تەڕ و دامێنمان قوڕ چوینە سەر کۆمەڵە ماڵێکی لەو جۆرە من و 2 پێشمەرگەی تر لەبەردەم ماڵە نایلۆنێکدا وەستاین کابرا جێگە نوستنەکەی چۆڵ کردو خۆی خزاندە بەینی ژن و منداڵەکانیەوە ئێمەش بە ئاو و قوڕەوە کەوتینە بەینی دۆشەک و بەتانیەکەیەوە و خەوێکی فەنتازیامان کرد، شەو و ڕۆژ ئەدرایە دەمیەک و بەردەوام ئەڕۆیشتین لەپڕ بڕیاری ووچان و حەوانەوەیەک ئەدرا زۆر جار برسێتی بڕستی ڕۆشتنی ئەبڕین و خەویش سەربار، لە نزیک ئاوەکەی دوکان من و برادەرێک لە ماڵێکدا خەوتین شەو هەستم کرد جێگەکەی بەتاڵە چومە دەرەوە سۆراغی بکەم کە بینیم یەت و ئەچێت لەودیو ماڵەکەوە پرسیم چۆنە ناخەوی تۆزێکی تر ئەبێ بڕۆین ووتی کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چاوم چووە خەو نەمتوانی بو دەست بە ئاو بگەیەنم یەک کونە میزم کردوە بە خۆما وازبێنە با هەوا لێمبدا و تۆزێک کزر بێتەوە، لە خۆشناوەتی 2 پێشمەرگەمان بو بە شەڕیان و سەروگوێلاکی یەکتریان شکاند، گەیشتینە قەڕناقا و پشتئاشان دیموکراتی ئێران خزمەتێکی باشیان کردین لە قەندیلەوە ئاودیوی ئێران بوین لە دوای 27 ڕۆژ ڕێگا بڕین، ماوەی چەند مانگێک بو جەلال شەریف سەربازی مغاویر و ئەندامی خەتی نهێنی پارتی لەلایەن هێزی لقی یەکەوە گیرابو لە کانی ماسی لە پێش گیرانەکەیشیدا ماوەی ساڵێک پێشمەرگەی پارتی ببو لە ناوچەی سلێمانی، هەوڵێکی زۆرمدا و بە لقی چوارم ڕاگەیاند کە ئەو ئەندامی خۆمانە لە خەتێکدا کە من بەرپرسیم پۆزەتیف وەڵامێکم دەست نەکەوت پەنام بردە بەر کاک قادر قادر و چوم بۆ ماڵیان لە ڕەوانسەر ئەو نامەیکی بۆ بەرپرسی لقی 1نوسی لە ئێرانەوە بۆ تورکیا و لە وێوە بۆ گەلی بێشێ کەوتمە ڕێ کاک جیهان و ئەبو تارای حیزبی شیوعی زۆر هاوکاریان کردم تا گەیشتمە سنوری بادینان لە ڕێگادا هێزێکی زۆرم بینی دەهاتن هاوڕێیانی شیوعی پێیان وتم ئەوە برادەرانی تۆن بەرەو ئێران دەکشێن کە پرسیارم کرد لە ناویاندا بەرپرسی لقی یەکم بینی و نامەکەی کاک قادرم دایە دەستی ئەویش نامەیەکی تری نوسی و جێگای لقی پێوتم لە لقەوە بە نامەیەکی تر گەیشتمە ناوچەی کانی ماسی لای کاک تەمەر بەرپرسی ناوچە ئەویش لەگەڵ هاوکاری کردندا جەلالی بانگ کرد لە نزیکەی ساڵێکی سجندا زەرد ببو وتی چیت بۆ کردوم؟ ئەو شەوە لەگەڵ کاک تەمەردا زۆرمان قسە کرد ئەو ئەیوت نامەکانی تۆ هیچیان ئاماژە بە ئەندامیەتی جەلال و بەربونی ناکەن هاوخەمی منی دەکرد و هیچی لە دەستا نەبو بیکات، بەیانی بە ساردیەکەوە تەوقەم لەگەڵدا کردن بۆ گەڕانەوە کاک تەمەر زەرفێکی داخراوی ڕاگرت وتی ئەوە دیاریەکی بچوکی ناوچەیە بۆ ئەم هەوڵدان و هاتنەی ئێرەت بە تایبەت کە زانیبوی جەلال خزمم نیە و وەک ئەندامێکی پارتی ئەمەم بۆ کردووە، سوپاسم کردن و پێم وتن ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە لقی چواردا نیە و تکام کرد کە ڕێزی جەلال بگرن، لەگەڵ بڕینی چارەکی ڕێگای هاتنەوەدا هەستم بە شپرزەی و ڕاکەڕاک دەکرد کە پرسیارم کرد ئەوسا زانیم من لەناو ئەنفالی بادینانداو و ئەو ڕێگایانەی پیایدا هاتوم زوربەیان جەیش و جاش گرتونی و لە کۆنترۆڵی ئەواندایە لەگەڵ چەند چەکدارێکی بادینیدا ڕێککەوتم بە مەرجێک خزمەتی وڵاخ و بریندارەکانیان بکەم بە ڕێگە سەختەکاندا بمگەیەننەوە ئێران لە خواکورک مەلا عەلی شیوعیم بینی زۆر هیلاک ببو داوای کرد یارمەتی بدەم منیش لە ئێسترەکە دابەزیم و ئەوم سوار کرد مخابن زۆری نەبرد عەمر ناوێک بەرپرسی ئەو گروپەی لەگەڵیاندا ڕێککەوتبوم خراپ چوو بەگژ مەلا عەلیدا و دایبەزاند زۆرم پێناخۆش بو کەچی عەمر هاتەوە لام و پێی وتم تەنها خۆت بۆت هەیە سواری ببیت چونکە تۆ خزمەتی ئێسترەکە و ئێمەشت کردووە، بە شاخێکی سەختا دائەگەڕاین چەند کەسێک سەرئەکەوتن کە هاتنە پێشەوە بینیم عەلی کەمپوت یەکێکیانە بەسەر سوڕمانەوە! بۆ کوێ؟ ئەچمە دیوی تورکیا و لەوێشەوە بۆ خاریج ئەگەر تۆش حەز بکەیت وەرە و بە ماوەیەکی کەم دەگەینە هاندەران! تورکیا ئەمان نێرێت! کاک عەلی تۆ بڕۆ من پێشمەرگە ئەبم نابینی لە تەواوی ئەم شاخانەدا شەڕە کێ بەرگری و درێژە بە شۆڕش بدات من واز لە کوردستان ناهێنم! بەداخەوە دوای ڕاپەڕین سەد خۆزگەم بە عەلی کەمپوت ئەخواست و ئێستاش خۆم لە بەریتانیام.

تێبینی:- وێنەکە دوای ئەنفال و ناو بارەگاکەمانە لە شاری بانە، پێشەوە من و کاک قادر، لە دەستە چەپەوە حەمە سەعید، کاک هیوا، کاک تەها، معاون کەمال، شەهید سەرهەنگ، نیروانی ئەژی گۆران، پێشمەرگەیەکی میوانی ناوچە.

garmyan@hotmail. co. uk

بەریتانیا 2007-2-18

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.